شیعر



تەیب جەبار

# ئەو ڕۆژەی من دەمرم

**ئەو ڕۆژەی من دەمرم،**
**تۆپی خۆر...**
**دەخلیتە سەر زەوی،**
**مانگ... فش دەبێتەوە.**
**ئەستێرە.. دێنە خوار،**
**چواردەوری شار دەگرن،**
**ئامادە باش،**
**چەک دێننە سەر پێ.**
**ئەو ڕۆژە..**
**زەوی.. هەناوی دێتە ژان و**
**دەئاوسێ.**
**ئاسمان.. نزم دەبێتەوە،**
**دار و بەرد..**
**هەناسەی سوار دەبێ.**
*****



ئەو رۆژەی من دەمرم،
لە پێچی کۆڵانەکەماندا،
ئاو... دەخلیسکێ و بە پشتا دەکەوێ.
دەست و پێی دەردەچێ.
ناتوانێ سەری بەرزکاتەوە،
ناتوانێ بجولێ.
چەند فیکە لێ دەدا..
کەس فریای ناکەوێ.
دەست و پێی بهێنێتەوە جێ.
***
ئەو رۆژەی من دەمرم،
خۆڵ.. سەر و شانی لە قوڕ دەگرێ،
نە نان دەخوا، نە ئاو،
شێت ئاسا..
هەردا و هەرد دەگەڕێ،
بۆ شوێنێ..
شایەنی مەقامی گۆڕم بێ.
***
ئەو رۆژەی من دەمرم،
ئاگر لە سەرمانا دەلەرزێ،
دێتە بەر دەرگەی ماڵ، زمانی گۆ ناکا،
چاو دەگێڕێ، بەڵکو..
لە یەکێ بپرسێ :
بۆچی مرد؟
بۆچی مرد؟
پاشای عەرشی سەدەی بیست و سێ؟
ئەو رۆژەی من دەمرم،

با .. له حەسرەتا ئەژنۆی دەشکێ.
هەناسەی بۆ نادرێ.
چەند دەکا ..
پەلوپۆی ناجولێ.
ناتوانێ له کۆڵانێکەوە
بۆ کۆڵانێکی تر بچێ.
بەڵکو ئەمە خوایە،
له مزگەوتی گەڕەک،
خەبەری تەواوی دەسکەوێ.
***
ئەو ڕۆژەی من دەمرم،
خۆڵ و با، ئاگر و ئاو،
سەریان لێ تێک دەچێ.
شپرزە، دوا جار کۆ دەبنەوە،
سەبارەت بە شێوەی ناشتنم،
چەند بڕیارێ دەدەن :
١- پێویستە ..
تابوتەکەی له تەختەی مانگ بێ.
٢- پێویستە ..
کفنێکی بۆ بچنن له پرچی کچێ.
٣- پێویستە ..
به شیلەی وشە بیشۆنەوە.
٤- پێویستە ..
بەردی ئەلحەدەکەی ..
پارچەیەک پەلکە زێرینە بێ.
***
ئەو ڕۆژەی من دەمرم،



بەرد.. لە خەو هەڵدەسێ.
خەونی سەیر سەیر دەگێڕێتەوە..
بۆ لی کەنار زێ.
ئەو ڕۆژە..
ڕووبار.. ڕێک هەڵدەسێتە سەر پێ.
دەڵێ : خەڵکینە فریا کەون.. تەکبیرێ،
- پاش مەرگی -
وشکەساڵ هەر بەردەوام دەبێ.
ئەو ڕۆژە..
درەخت.. پاڵ دەکەوێ.
بەدەم گریانەوە،
هاوار دەکا : هاوار بە ماڵم،
کێ لە مەودوا بەری ڕەنجی من دەچنێ ؟
ئەو ڕۆژە..
ڕەشەبا.. لە شوێن خۆی دەوەستێ،
کز و مات، بێ تاقەت،
لە ژێر ساباتی خوڵبارینا
چوارمشقی لێی دادەنیشێ.
ورتەی لێوە نایە،
بە مژی قووڵەوە، لەسەرخۆ
جگەرە دەکێشێ.
***
ئەو ڕۆژەی من دەمرم،
شاخ هەڵدێ..
خۆی دەشارێتەوە.
دەچێتە بن بەردێ.
ئەشکەوت نقەی نایە..



دەمی خۆی هەڵدەچنێ.
ڕێگاوبان لوول دەبن،
خۆیان مات دەدەن لە ژێر پردێ.
ئەو ڕۆژە..
دەشتایی.. لە تاوا
- بێ ئەوەی بزانێ -
بە رووتی رادەکا،
تاکو بگاتە پەنای گردێ.
دارستان.. بە تەنیا..
ڕێگای لێ وێڵ دەبێ،
دەگەڕێ..
بە دوای ئەشکەوتێ، داڵدەی بدات،
چیرۆکی ئەفسانەی بارانی پێ بڵێ.
ئەو ڕۆژە..
کانی.. تووڕە دەبێ،
دەچێ بە گژ چەما.
چەم دەزریکێنی و..
پێ پەتی، دۆڵا و دۆڵ بۆی دەردەچێ.
خرینگەی پاوانەکەی ڕۆژە ڕێیەک دەچێ.
***
ئەو ڕۆژەی من دەمرم،
گۆی زەوی.. دەوەستێ.
ناسووڕێ.
ڕۆژ بەردەوام دەبێ،
بەیانی، نیوەڕۆ، ئیوارە،
وەک یەک چەشن دەبێ.
شەو.. ورد ورد خۆی دەپێچێتەوە.

دەتۆرێ.
رادەکا.. دەچێتە مزگەوتێ.
لە ترسا..
بە دەنگی بەرز هاوار دەکا،
دەست دەکاتە سەڵات و بانگدان،
نەک خەڵک بێ خەبەر بێ !
هێڵی رژد، هێڵی پان
تێک دەچێ.
وەک شەپۆلی ناو دەماخی شێت،
خواروخێچ دەبێ.
ئاو لەگەڵ وشکانی..
تێکەڵ دەبێ.
ئەو رۆژە..
گۆی زەوی.. دەبێتە تۆپەڵێ..
قوڕی هەویر ئاسا،
پان پان دەبێتەوە.
تەنک.. وەک نانی تیری لێ دێ.
***
ئەو رۆژەی من دەمرم،
بوومەلەرزەیەک،
ئاسمان شەق شەق دەکا.
دنیا هەمووی تاریک دەبێ.
- وەک چۆن ئێستا کارەبا دەبڕێ -
هەرچی ئاوی گەردوون هەیە دەرژێ،
سەر زەوی پڕ دەبێ.
شار و شاخ، دەشت و دەر،
هەمووی دادەپۆشێ.



هەرچی بەلەم و پاپۆرە نوقم دەبێ.
خەڵک هەمووی دەخنکێ،
چەند کەسێ نەبێ.
بە پشتە مەلە بۆ..
(کەشتی نوح) دەگەڕێن.
پێی راناگەن،
ئەویش ون دەبێ.
پاش دەیان ساڵ،
چەند ساڵێ بە دوای یەکدا
– وەکو ئێستا لێرە _
وشکەساڵ دەبێ،
ئاو وشک دەکا، نامێنێ.
ئەو وەختە، گۆی زەوی،
لە گوێزێکی گەورەی پووک دەچێ.
***
ئەو رۆژەی من دەمرم،
کەس ناچێ بۆ بازاڕ،
جلەکانم نەبێ،
(چاکەت و پانتۆل و کراس و فانیلە و دەرپێ).
لە بازاڕی کوتاڵ فرۆشان..
لە دووکانێکدا،
لەسەر رەنگ و نەخشی کفنەکەم
شەڕ دەکەن.
نێوانیان تێک دەچێ.
***
ئەو رۆژەی من دەمرم،
کتێبەکانم سەرسام.. دەم دەکەنەوە،

له ڕەفه دێنه دەر..
پەڕ پەڕ خۆیان هەڵدەدەنەوە.
قەلەمە تەنیاکەم،
بانگ دەکەن.
دەچنە سەر مێزەکەم،
برووسکەی ماتەم دەنووسنەوە.
بۆ یادی چلەکەم.
پاشان بڕیار دەدەن،
- بۆ پاشای هەمیشە -
وەرزانە، ڕاپۆرت ئامادەکەن.
دەربارەی..
دەربارەی.. پرۆشەی گەواڵەی خەیاڵ و
شنەی تیژی یادگا.
دەربارەی.. بەرزی و نزمی تولەڕێی کێش و
دەزو بەندی سەروا.
دەربارەی.. تۆوی ناوەڕۆک و
هێڵ و گۆشەی شێوە و
وەرد _ دانەوەی واتا.
دەربارەی.. تەقەڵکێشی مێژوو و
قەڵاتی درز بردووی جوغرافیا.
دەربارەی.. دڕکەزی سروود و
نەرمە گیای سەمفۆنیا.
دەربارەی.. مەقامی کورتیله چیرۆک و
بەستەی خێرای ڕۆمان.
دەربارەی.. تاریکی گەلەری و
چوارچێوەی شێواوی پێشانگا.



دەربارەی.. هونەری چاندنی ڕێنووس و

یاسای هاتوچۆی گشتی ڕێزمان.

دەربارەی.. دووکەڵی جگەرەی فەلسەفە.

دەربارەی.. کەفاوی شیکاری دەروونی.

دەربارەی.. پرخەی کۆمەڵناسی.

دەربارەی.. باوێشکی ڕەخنەی ئەدەبی.

دەربارەی...

دەربارەی...

دەربارەی.. ئەزموونی گرووپی شانۆی (با) .

***

ئەو ڕۆژەی من دەمرم،

کچەکانم نەبێ،

بۆم ناگرێ.. لەم شارە..

هیچ کچێ !!

سلێمانی – کۆتایی ٢٠٠٨

